وەزیری ناوخۆ دیواری کۆنکریتی سنووری نێوان عێراق و سوریا دەکاتەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە"عەبدولئەمیر شەمەری" وەزیری ناوخۆ،دیواری کۆنکریتی نێوان سنووری عێراق و سوریای کردەوە.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە:- ئەمڕۆ یەکشەممە "عەبدولئەمیر شەمەری" وەزیری ناوخۆ ، بە ئامادەبوونی فەرماندەی هێزە سنووریەکان و ژمارەیەک فەرماندەی ئەمنی ،ئۆپو دیوارە کۆنکرێتییەی کردەوە کە لە ناوچەی باغوز لە نێوان سنووری عێراق و سوریا دروستکرابوو.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-دیوارە کۆنکریتییەکە بەشکە لە زنجیرەیەک قەڵای گەورەی ئەمنی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دەستبەرکردنی ئاسایشی سنووریکان فەرمانی دروستکردنی بۆ دراوە، کە بەشکە لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی سنووری عێراق و سوریا و ڕاگریکردن لە قاچاخچێتی و بەرەنگاربوونەوەی چێتەکانی تیرۆریستی داعش.

بەپێی بەیاننامەکە وەزیری ناوخۆ ژمارەیەک خاڵی ئەمنی کەرتە سنووریەکانی بەسەر کردەوە کە لەوە جێگیرکراون، هەروەها ستایشی هەوڵکانی سەرکردایەتی هێزە سنووریەکانی کرد بۆ پێیەی هەڵی یەکەمی بەرگریکردنن لە عێراق.